## چۆن فێری وشەی یابە بووم!

پایزی ساڵی ١٩٧٣ تازە ماڵمان گواستبویەوە بۆ بەغدا و لە گەڕەکی ڕاغبەخاتوون گیرسابوینەتەوە . ،،دنیا گەرم بوو، باوکم مەتارەیەکی سووری ئاو خواردنی بۆ من و براکەم، بۆ قوتابخانە کڕیبوو. ببورن! ناوی ئەو خوێندگەیە و شوێنەکەی وەک نەخشەی عیراق لە مێشکدا لە مێژە کاڵبووەتەوە و لە بیرم نەماون. تەلاری قوتابخانەکە لە ڕوباری دیجلەوە فرە نزیک بوو، بەڵام بۆری ئاوخواردنەوەکانی یەک دڵۆپەی ئاویان لێ نەدەتکا، وشتریش لەو قوتابخانەیە بایە، تینوی دەبوو و دەکەوتە پەلاماردان. هەندێ لەمنداڵەکانی ئەو فیرگەیە بە دزداشەوە دەهاتن. بەشێکیان چاوخێل و کەچەڵ و پیس و پۆخڵ، وەک وابێ لە بادیەوە هاتبن و یەکەم ڕۆژ بێ چاویان بەشارەستانی کەوتبێ. دایکم مەتارە سوورەکەی هەر شەو دەخستە ناو فرێزەرەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ تا نیوەڕۆ بەشی ئاو خواردنەوەمان بکا .

وردەکاری بارکردنمان بۆ بەغدا و مانەوە لەوێ بۆ چەند ساڵێک، چیرۆکێکی دەوێ، ئەوە کاری تاتەم(بابم) بوو، لە پلەی مامۆستاییەوە بوو بووە پشکنێرەر و چاودێرەوانی خوێندن و دەبوو بەسەر خوێندگەکاندا بگەڕێ. هەندێ جار دەیگۆ بەهۆی بارانبارینێکەوە دەرگای قوتابخانەکان دادەخران و مامۆستاکان قوتابیەکانیان دەناردەوە ماڵەوە، چەند جاری ئەو وێنەیەی گەیاندوەتەو پەروەردی بەغدا و بەرپرسانی لەو دۆخە ئاگادار کردوە .

دەگەڕێمەوە سەر ئەو پاشنیوەڕۆیەی فێرگەکە کە زەنگی چوونە ژوورەوەی لێدا و منیش وەک قوتابیەکانی دی خۆم کرد بە ژووردا، زمانم نەدەزانی ، تەواو کەڕولاڵ، تەنها ئەوە تێ دەگەیشتم کە ئەوە زەنگی دەستپێکردنی وانەکانە. و دەبوو خێرا بەرەو پۆلەکەی خۆم بچم، ڕاڕەوەکە زۆر تەنگ بوو، کوڕێکی ڕەش، دیاربوو لە تەمەنیشدا گەورەبوو، شتێکی وت تێنەگەیشتم، درێژەم بە ڕۆیشتن دا، نەخێر ئەو هێندە بە توندی مەتارەکەمی فڕاند کە وەک خڕە بەردێکی چەمی بیارە*، کێشای بەدەمی خۆیدا و بوو بە گریان و یابە. ئا لەوێدا فێری وشەی یابە بووم، وامزانی ناوی یابەیە، زۆر دڵم تەنگ بوو، من بۆ شەڕ نەدەگەڕام، کەوتمە جنێودان بە کوردی و بەرگریکردن لە خۆ. ئەوە یەکەم جاری نەبوو وا بکا، پێشتریش بەردەوام وای دەکرد و من خوێندکارەکانی دی ئازار دەدا.

هاوار بەرزبووەوە، ئیدی دەتووت خوێندکارەکانی دی خورمای هەنگوینیان لە هۆری* حوێزەدا دۆزیوەتەوە، بوو بە قرە و قیژە..کوڕەکە لایەکی شینبوویەوە و مەتارەکەم هەڵگرتەوە. لەو کاتە مامۆستایەکی چوار شانە، گوێچکەی لەپشتەوە گرتم و بردمی بۆ ژووری بەڕیوەبەر. ئەو پرسیاری دەکرد و منیشم هەوڵم دەدا بە ئیشارەت تێیبگەێنم..بەڵام سوودی نەبوو، لە باتی ئەوە داری لێ دەدام، دەوەر زمان نەزانی و داوای ئەوشت لێبکەن کە تێبگەی!

مامۆستایەکی عەرەبیم هەبوو، دەموچاوی زۆر ناوازە بوو، تەنها لای من نا، خوێندکارەکانی دیش لێ تێنەدەگەیشتین، ئاخۆ تورەیە یان دڵشاد. بەردەوام پێکەناوی بوو، وشەی سۆپەرمان لە زاری نەدەبرا، زۆرجاریش لاسایی دەکردوە. ناوی موحسن بوو، دڵنەرم و میهیرەبان، ئای چەندی پێیخۆش بوو گۆرانی کوردی بۆ بلێم. منیش درێغیم نەدەکرد و گۆرانی(سویلەباڵابەرزم) بەدەنگی بەرز بۆ دەچڕی. لەسەر ئەوە خزمێکی باوکم وتبوی :

ئێمە بیست ساڵە لە بەغداین کەس نازانێ کوردین، ئەنگۆ بەیەک مانگ لایەکی بەغداتان تێگەیاند کە هەورامیشن، دەنگی کوڕەکەت تا ژووری بەڕێوەبەر دەڕوا.

لە کاتی ئەو لێدانەدا چەند وشەیەکی دی عەرەبی فێربووم، وەک" ابن کلب، وەحش، ماتفتهم" و جار جاریش وەک ترش و خوێی سەر کالیار، دەیوت کوردی کوردی، مەگەر هەر خۆی و ئەوانی دی بزانن چەند جنێوم خوارد. خۆشبەختانە تەنها گرمەکەیانم دەبیست.

بەڕێوەبەر زۆر تورەبوو، مەتارە سوورەکەمیان وەک و شمشیرەکەی عەلی شکاند و نەم بینیوە. دواجار بەوە ڕزگارم بوو کە مامۆستایەکی فەیلیان بۆ وەرگێران هێنا تا منیش ڕووداوەکەیان بۆ باسبکەم. زۆریش لەو تێنەگەیشتم. دواتر زۆر لە قوتابیەکان پێیان وابوو کەمن بەرگریم لە خۆم کردوە و مەتارەکەم کێشاوە بە دەمی ئەو قوتابیەدا، هەر بۆیە

هەندێکیان زۆریان پێخۆش بوو کەوا  لایەکی مۆر هەڵگەڕابوو، وایان دەزانی پاڵەوانم. ئەو کوڕە کەتەیە چیدی نەیوێرا نزیکم کەوێتەوە.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێ لەسەر ئەوەی، کە زمانم نەدەزانی و باوکم ئێمەی تووشی غەریبی کردوە، خۆم کرد بە نووستوو ،بێتاقتی  شاری سلێمانی و هاوڕێکانم بووم،  هەندێ جار بیرم لەوە دەکردەوە کە کەی ئەو رۆژە دێ تۆڵەی مەتارەکەم بکەمەوە.

ساڵ هات و چوو، بووم بە پشمەرگەی حزبێک کە ڕەنگی سووریان وەک هی مەتارەکەی من خۆش دەویست. هەر لای ئەو لایانە، ئەو چیرۆکەم بۆ هەندێ لەو پێشمەرگە عەرەبانە باس کرد کە منداڵانی نەتەوەکەیان چ یادگارییەکی تاڵیان بەمن داوە، هەندێکیان تێدەگەیشتن و چەندێکی  تریشیان دەیانوت ئەی ئەوە نیە لە تۆڵەی مەتارەکەی تۆ، ئێمە شەرواڵی کوردیمان پۆشیوە و خۆمان فیری کوردی دەکەین.  دوور نیە ڕوداوی ئەو مەتارەیە سەرەتایەک بووبێ بۆ ئەوەی بزانم نیشتیمانەکەمم چەند خۆش دەوێ

ئاسۆ بیارەیی

پایزی ١٩٧٣ و نوێکردنەوەی  ٢٣ی ٨ی ٢٠١٦

.............................................................................................

•هۆر: زەلکاوەکانی خواروی عێراق

•بیارە: ناحیەی بیارەی هۆرامان.